# قەیرانی ئۆپۆزسیۆن بوون لە کوردستاندا.....

**ڕاو** سەرنجی هەندێك لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپا لە مەڕ نەبوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان .

ڕێپۆرتاژێك. ئا. باوکی بەهەند - سوید

( بەشی دووهەم )

لە هەموو وڵاتێکی دیموکراسیدا بوونی پارتی بەرهەڵستکار, پێویستیەکی گرنکی نێو گۆرەپانی دونیای سیاسەتە, بوونی ئەم هێزە وادەکات کە دەسەڵات زۆر بە وورياييەوە ئيش و کارەکانی نێو دەزگاو موئەسەساتەکان ڕاپەڕێنێت, نەوەك بکەوێتە بەر شاڵاوی ڕەخنەی حیزبی ئۆپۆزسیۆنەوە, پارتی دەسەڵاتداریش هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە جێ دەست و پەنجەی دیار بێت لە خزمەت کردنی کۆمەڵگاکەی, بوونی ئەم هێزە لە قازانجی بەرەی گەل و هەم دەسەڵاتیشە, چونکە خزمەتگوزارییەکانی هاوڵاتیان لەم ڕوانگەوە بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و دەسەڵاتیش ناکەوێتە بەر شەپۆلی ڕق و تورەیی جەماوەر.

پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ دەکات ئایا لەم قۆناغەی ئێستای کوردستان چەندە پارتی ئۆپۆزسیۆن ئەتوانێت ڕۆڵی ئیجابی خۆی ببینێت و جەماورو دەزگاو ماس میدیاکان پشت و پەنای ببن؟ ئایا چەندە دەتوانێت برەو بە ئیش و کارەکانی خۆی بدات لە وڵاتێك کە دیموکراسی لە قۆناغێکی کۆرپەلەدایەو نەگشتۆتە نێو هەموو کایەو دامودەزگا سیاسسەکان؟

ئایا پارتی دەسەڵاتدار تا چەندە هەزمی ڕەخنەو گازندەکانی پارتی ئۆپۆزسیۆن دەکات؟ کە ئێستاش زۆر لە سیاسیەکانی کوردستان بە ئەقڵێتی خەباتی شاخ بیردەکەنەوە.

ئایا دروستکردنی لیستی هاوبەش و تەحالوفات نابێتە هۆی ڕێگربوون لە دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان ؟

ئایا گەر پارتی ئۆپۆزسیۆن لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستان سەری هەڵداو کەوتە ڕەخنە گرتن لە کەموو کورپیەکانی دەسەڵات و ئاشکراکردنی گەندەڵییە ئیداریی وداراییەکان, تا چەندە دەسەڵات هێز بەکارناهێنێت دژی ؟ ئایا تا چەندە دەسەڵات پەنا نابات بۆ پرۆپاگەندەی ناشارستانی دژی ئۆپۆزسیۆن ؟

ئایا تا چەندە زەمەن و کاتی هەیە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان؟

کاردانەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی سلبی و نایاسایی دژی خۆپیشاندانەکانی کەلارو ئاکرێ و هەڵەبجە و هەروەها سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە دەڤەری بادینان, ئاشکرای کرد کە دەسەڵات زۆری ماوە ئەزموونی دیموکراسی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە پییادە بکات و ڕازی بێت کەس باسی گەندەڵی و ناتەواوییەکانی دەسەڵات بکات, لەم ڕوانگەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەبوونی پارتی بەرهەڵستکار زۆر سەختە سەرکەوتوو بێت لە کۆمەڵگای کوردستان.

سەرەتا بەرێز " سەلاحی گەرمیان " ئەندامی دەستەیی ڕێکخراوی C.H.A.K و خوێندکاری بەشی

**دکتۆرا لەبواری  سایکۆلۆگی کۆمەڵایەتی لە ئۆستڕالیا, بەم شێوەیە  بیرو تێڕوانینی خۆی لەمەڕ ئەم باسە دەربڕی "**

بەر لەوەی باس لە ڕۆڵی پارتی ئۆپۆزسیۆن بکەین لە کوردستاندا, پێویستە بپرسین ئایا پارتی ئۆپۆزسیۆن بوونی هەیە ؟ گەر هەشبێت ئایا ڕێگای پێدراوە کە بە ئازادی کاربکات ؟ جێی نیگەرانیە کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار تا ئەو کاتە ڕێگا بە لایەنە سیاسییەکان ئەدەن, کە لە چوار چێوەی سیاسەتەکانی ئەواندا بەرنامەی سیاسی خۆیان دابرێژن و لەگەڵیاندا هاوپەیمان بن و دەقاودەق پەیڕەوی ئەو سیاسەتە  ئەکەن" ئەگەر لەگەڵماندا نەبن لەبەرەی دوژمنن" هیچ گومان هەڵناگرێت باسکردن لە دیموکراسی, مانای هەبوونی دەنگ و ڕەنگی جیاواز, بە واتایەکی تر هەبوونی بیروڕای جیاواز لە بیروڕای دەسەڵات و  بە پێچەوانەی ئەوەش پەیڕەوکردنی دیکتاتۆریەتە, گەر سیستەمەکەش فرە حیزبی بێت بەڵام کە یەك بۆچوون و یەك دیگا کۆیانکاتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان تەنها شێواندنی دیموکراسی و فریودانی خەڵك ئەگەیەنێت, چونکە ئاشکرایە ئەو واقیعەی ئێستای کوردستان لە پاش تەجروبەی خوێناوی شەڕی ناوخۆو بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە لەپاش ڕوخاندنی ڕژێم,بە نیسبەت ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستان پارتی ئۆپۆزسیۆن نەك هەر پێویستە بگرە مەرجی سەرەکی سەپاندنی بنەمای دیموکراسیە, گومانیش لەوەدا نییە کە بوونی دەنگی سیاسی جیاواز و میدیای سەربەخۆو ئازادی ڕادەربڕین ڕۆڵێکی ئیجگار گرنگ و بەرچاویان هەیە, پێش هەموو شتێك لە ڕێگرتن لە تاکرەوی لە حکومڕانیداو پاشان وەك چاودێر لەسەر نەخش و سیاسەتەکانی دەسەڵات و لە هەمانکاتیشدا ئەرکی تەعبیرکردن و داکۆکیکردن لە خواست داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵك ئەگرنە ئەستۆ.

نەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی ئیستای کوردستاندا ڕۆڵی پەرلەمان وەلاوە ئەنێت و تەنیا وەکو تووتی ئەندامانی پەرلەمان ئەو بڕیارەی لە دەسەڵاتەوە دەرئەچێت ئەیلێنەوەو کەسیان بۆیان نییە نارەزایەتی بنوێنن چونکە لەلایەن حیزبێکەوە دەرچووە کە خۆی ئەندامێتی و هاوپەیمانی حیزبەکەیەتی.

جێی نیگەرانییە کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەو ئاستەدا نین کە ڕەخنەو بیروبۆچوونی جیاواز ,یان بوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن قەبوول بکەن و نایانەوێت باری ئاواش هەموار بکەن سەرەڕای ئیدعای دیموکراسی, من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە هۆکاری ئەوە بگەڕێنمەوە بۆ ئەقڵێتی خەباتی شاخ, بەڵکو ئەوە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی تۆتالیتاریی و دیکتاتۆرییە وەك بینیمان لەکاتی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسدا پەیڕەو ئەکراو تا ئیستاش لە زۆر لە وڵاتە عەرببیەکان نموونەی سعودیەو سوریا و میسر و چەندین وڵاتی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین پەیرەو ئەکرێت.

دروست بوونی لیستی هاوبەش کارێکە ئاسایی و ڕەوایە لە وڵاتێکی دیموکراسی کە هەل  وەکو یەك بۆ هەموو پارتە سیاسییەکان ڕەخسابێت بە پارتی نەیاریشەوە,بەڵام ئەو دیاردەییەی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەدیکرا لە دروستبوونی لیستی هاوپەیمانی لە نێوان هەردوو حیزبی خاوەن دەسەڵات و لایەنگرانیان و تەنیا ڕێگرتن بوو لە دەنگی جیاوازو بەرەیك بوو بۆ پوچەڵکردنی هەوڵی لیستە سەربەخۆو

بێلایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات و دابەشکردنی پێشوەختی کورسییەکانی پەرلەمان بوو,
بە پێی تەجرووبەی چەند ساڵەی ڕاپەڕینی 1991 و سەرەڕای بارودۆخی تازەی پاش ڕوخاندنی ڕژێم, تا ئێستاش هیچ تروسکاییەك نابینم لەوەی ئەقڵێتی سیاسی حیزبەکانی کوردستان لەو ئاستەدت بێت کە ئازادانە ڕێگا بدەن بە پارتی ئۆپۆزسیۆن بێتە ناو مەیدانی ململانێی سیاسییەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئەوان, ئەوان خۆیان لە سەرووی ڕەخنەوە دائەنێن بگرە خەڵك منەتبار ئەکەن وەك ئەوەی خەڵك لە سایەی ئەوان حەسابێتەوەو ئەوانن مایەی خێرو خۆشی و دوارۆژێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان , بێ ئەوەی خەڵك مافی هەبێت بپرسێت چۆن و بەرەو کێیوە ئەبرێن و یان بۆی هەبێت پرسیار بکات لە دیاردەی ترسناکی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارەییە سەرەتاییەکان, بگرە بە چاوی مێگەل سەیری خەڵك ئەکرێت لە لایەن دەسەڵاتدارەنەوە.
بەڵگەش زۆرن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانە, هەڵکوتاندن بۆ سەر بارەگاکانی یەکگرتوو و تیرۆرکردنی چەندین لە ئەندامانی بە هۆی بڕیاردانی بەشدار بوون بە لیستێکی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنەکاندا و گرتنی نوسەران و ڕۆژنامەنووسان وەك " کەمالی سەید قادر " لە هەولێر و سزادانی لەسەر چەند وتارێك لە سەر ئێنتەرنێت بەدەر لە چۆنێتی و شێوازی نووسینەکەی یان ڕاپێچکردنی ڕۆژنامەنووس " حەوێز حەوێزی " بۆ ئاسایشی سلێمانی لە سەر بڵاوکردنەوەی ووتارێکی ڕەخنەئامێز لە ڕۆژنامەی " هاوڵاتی " , هەروەها دیاردەی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران وەك ئەوەی ڕویدا لە کەلارو کۆیە و ئاکرێ و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەڵەبجە کە بووە هۆی کوژرانی لاوێك و بریندار بوونی چەندین کەسی تر, کە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی ترسناك و ناشارستانییەو سیفەتی دەسەڵاتی تۆلیتارییە لە کپکردنی دەنگی نارەزایی خەڵك.
پاشان برای نووسەرو ڕۆشنبیر بەرێز " ابراهیم سالح " لێپرسراوی کۆمەڵەی گەشەپێدانی باران لە وڵاتی بریتانیا بە کۆمەڵێك ووشەو دەستەواژەی جوانەوە ڕێپۆرتاژەکەی دەوڵەمەند کرد " سەرەکیترین و جەوهەریترین خەسلەتی دەسەڵاتی دیموکراسی و کراوەو دینامیکیەتی کۆمەڵگە بوونی جموجوڵێکی بەرهەڵستکاریی حەقیقی و کارایە, بۆیە زۆر لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە نەبوونی بەرهەڵستکاری لە دەسەڵاتی دەوڵەتێکدا حالەتێکی نائاسایی و نادروستە, ئەگەر نەبێت پێویستە دروست بکرێت, چونکە بوونی بەرەو جموجوڵی بەرهەڵستکاری لە دەوڵەتێکدا لە لایەك ماناو بەهای چەسپاندن و سەلماندنی مرۆڤەکانە وەك تاك و پیشاندانی هەڵوێست و ڕادەی هۆشیاری و فەزای خەونەکانیانە, لەلایەکی تریشەوە سیمایەکی ئازادی و بواری دەربڕینی بیروڕای ئازادە کە کۆلەکەیەکی سەرەکی دیموکراسییە و مەودایەکی یەکسان دەکاتەوە بۆ کۆمەڵەو ڕێخراوەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەشداری ئارستەی گۆڕانەکانی کۆمەڵگەکەیان بکەن و هێندەی بۆیان دەلوێت بە ئەرێ و نەرێ بیروڕاو هەڵوێستەکانیان لەمەڕ ڕووداوو دیاردەکان بخەملێنن, لەلای سێیەمیشەوە لەمپەرو ڕێگرێکی لەبارە بۆ دروست نەبوونی تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا, لە پاش هەموو ئەمانەوە هەنگاوێکە بۆ نزیك بوونەوەی ڕاستەقینە لە ماناو هاوچەرخەکانی دەوڵەت و هاوڵاتی بوون بە جۆرێك تاکی کۆمەڵگە لە دەرەوەی قەوارە تەقلیدی و خۆڕسکەکانەوە مەودایەك بۆ

دەنگ هەڵبڕین و بەرگری لە بەرژەوەندی و داواکارییەکانی دەدۆزێتەوەو بەشدارییەکی فیعلی خۆویستانە لە پەیمانەکەی نێوان خۆی و دەسەڵاتی کۆمەڵگەکەیدا دەکات.

بەو مانایەی سەرەوە جموجوڵی بەرهەڵستکاری وەك ڕەهەندێکی حاڵەتی دیموکراسی پێویستی بە دیگای تایبەتی هەیە لای هەردووك لە دەسەڵاتداران و تاکەکانی کۆمەڵگەش ,ئەوەیش بەوەی قەناعەت بەوە بکەن زەرورەتی بەرهەڵستکاری حەتمی یە و نەبوونی نەخۆشی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەنێتەوەو مانایەکە بۆ زیندویەتی کۆمەڵگەو دەسەڵات, لەسەر زەمینەی واقیعیش پێویستی بە دام و دەزگای گونجاوو کارا هەیە تا لە وێنە کارتۆنی و ئیفلیجی یەکانی قوتاری بکات.

ئەو دەسەڵاتانەی فێرعەونانە بیر لە خۆیان و کۆمەڵگە دەکەنەوە و بە خەیاڵی کاریزمییانەوە پێیان وایە تەنها خۆیان ڕێگەیان لە ڕاستی کەوتوەو کەس وەك ئەوان لە جیهان و بەڕێوبەرایەتی و سەرکردایەتی نازانێت, هەر دەنگێکی دەرەوەی دەسەڵات بە ناشازو نامۆ دەزانن و پێیان وایە فەوتانی ئەوانی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە, بۆیە لە خوێندنەوەو مامەڵەیاندا زۆر بێ حەوسەڵە دەبن, بە بیرێکی تەئاموریانەوە وەك مەترسی بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و حاڵەتی سیاسی کۆمەڵگەکە دەیناسێنن, دەکەونە ململانێی مان و نەمان لە تەکیداو بۆ قاڵب دان و دەست خستنە بینی , سڵ لە هیچ هۆکارو هەنگاوێك ناکەنەوەو تواناو داهاتێکی زۆری کۆمەڵگە بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان دەکەن و گیانی دوژمنایەتی و ڕقچاندن بەرامبەری پیادە دەکەن و پێیان خۆشە بەرەو تونێل و دوڕیانەکانی توندو تیژی ئاراستەی بکەن.لە حاڵەتی واشدا نەك هەر گوێ بۆ رەخنەو گازندەکانیان ناگرن و کارلێکی دروستیان لەگەڵدا ناکەن, بەڵکو تۆقیوانە بەرپەچیان دەدەنەوەو بە پاساوی جۆراوجۆر داواو رەخنەکانیان هەڵدەپەسێرن و لە ماناکانیان پوچەڵیان دەکەنەوە.ئەگەرچی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کۆڵەکەی سەرەکی جموجوڵی بەرهەڵستکارین لە کۆمەڵگەدا, بەڵام هەڵەیە ئەم ئەرکە تەنها لەواندا چڕ بکرێتەوەو, کەس و ڕێکخراوە ناسیاسی یەکان لێی بێبەش و کەنار ببن, لە هەموو بارێکیشدا ئەگەر جموجوڵی بەرهەڵستکاری واقیعی و کاراو رەسەن نەبێت, تێزو بەرنامەو ئامانج و رەخنەکانی زانستی یانەو بە ئامارو بەهادار نەبن و بە توانای واتی و هۆکارو میکانزمی شیاوەوە بەرەو مەبەست و سەرەنجام نەبرێن مانا راستەقینەکەی خۆی ون دەکات و بە پێچەوانە دەبێتە پەرژینی پاراستنی دەسەڵات, یا کۆمەڵگا دەخاتە بارێکی نائارام و هەمیشە شێواو شەڕو هەڵچونەوە,

لەم سەردەم و حاڵەتی ئێستادا کە کوردستانیش لەبەر شاڵاوی تەوژمی گۆڕاندایە, بوونی هەوڵێك بۆ دروستکردن و کاراکردن و بزاوتنی لە خزمەتی دەسەڵات و کۆمەڵگەی کوردیدایە, ئەگەر نییە دەبێت دروست بکرێت, ئەگەر هەیە دەبێت بەهێزو بەرنامەوە پاڵپشتی بکرێت, ئەگەرچی مرۆڤ بە ئاوڕدانەوەو ڕوانین بە مێژووی پانزە ساڵەی دەسەڵات لە کوردستاندا زۆر گەشبین نابێت بەوەی ماناکانی بەرهەڵستکاری و هاوڵاتی بوون خێرا گەشە بکەن و بێ لەمپەری واقیعی و هۆشیاری گەورە ببن , بەڵام وەك خەباتێکی مەدەنی و تەندروست ناکرێت هەروا بەجێ بهێڵرێت و خامۆش بکرێت.

تا جموجوڵی  بەرهەڵستکاری ڕەوتی دروست وئاسایی خۆی وەربگرێت دەبێت توناو جموجوڵ و بڕیارەو هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستان ئاشکراو ڕون بن و لە کەناڵە سروشتی و دەستورییەکانی خۆیانەوە لە دایك ببن و گفتوگۆ بکرێن و لە هەژمون و قۆرخی تەسکی حیزبایەتی دەرچن و  گوتاری کاربەدەستان هەڵدان و خوێندن نەبێت بە بالآی مێژووی چیمان بۆ کردن دا, بەڵکو باسی ئایندوە ئەوەمان لە نەخشەدایە بێت, هەموو لێپرسراو کاربەدەستان شیاوی بەدواچون و ڕەخنەو لێپرسینەوەو وەستانی بەردەم دادگا بن و لەسەر بناغەی لێوەشاوەیی بەرپرسیاریەتی یەکانیان وەرگرن, سەرچاوەی سەرمایەو دەستکەوت و دەوڵەمەندبونیان شەفاف و جێگەی وردبونەوە بێت,  دام و دەزگاکان میکانزمی هەڵمژینی داواکاری و خەونەکانی جەماوەرو شوێنی بە پرۆژە بونیان بن, لە بەرامبەریشەوە جموجوڵی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لەم قۆناغەدا پێویستە پرسیارو ڕەخنەکانی پۆلێن و ریزبەند بکات و بەردەوام خەون و پرسیاری تازە بەرهەم بهێنێت و نەهێڵێت مەنگی و لە خۆرازی بوون روبکاتە حکومەت و دەزگاکانی, بۆ گشتی کۆمەڵگاش دەبێت تاکی کوردی بەشداری و بەرگری کردن لە مافی بەرهەڵستکاری بە بەرپرسیاریەتیەکی گرنگی خۆی بزانێت لێیەوە بەروە ئازادی و کرانەوەو دیموکراسی گوزرە بکات.

دیسان نوسەرو ڕۆژنامەنووس لە ولآتی سوید بەرێز" کاوە ئەمین " بە شێوەیەکی گشتی هاتە سەر باسی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات , وە ئەم قۆناغەی ئیستای کوردستانی بە پێویست زانی بۆ هەبوونی دەنگی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا, " لە ڕاستیدا ئەوەتەی دەسەڵات و دەسەڵاتدار هەبووە, جا ئەو دەسەڵاتە دیموکراتی بوو بێت یان دیکتاتۆر , ئۆپۆزسیۆنیش هەبووە و دەبێت, ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن جیادەکاتەوە شێوەو بەکارهێنانی میتۆدە جیاوازەکانە بۆ گۆڕینی دەسەڵات, لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا بە کودەتا یانیش خەباتی چەکداری و لە ولآتانی دیموکراتیش لە ڕێگای دەنگدان و سندوقەکانەوە.

بەداخەوە لە باشوری کوردستاندا تا ئێستا پارتی ئۆپۆزسیۆن یان نەبووە یانیش ئەگەر هەبووبێت نەیتوانییوە ئەو دەورە ببینێت, ئەوەش بە دوو هۆ , یەکەمیان کورد خاوەنی ئەزمونێکی لەو بابەتە نەبووەو ئەو دیموکراتییەش کە بانگەشەی بۆ دەکرێت هێندە کامڵ نەبووە کە جێگا بۆ ئۆپۆزسیۆن بکاتەوە, دووەمیش حکومەت و پارتی دەسەڵاتدار لە باشوور بە شێوەیەکی تێکەڵاو کراون وەك ئەوەی مافێکی ڕەواو و ئەزەلی ئەو دوو پارتە بێت کە تا دونیا بە دونیایە کورسی دەسەڵات چۆڵنەکەن, حکومەت یانیش پارتی دەسەڵاتدار , نەك ماسمیدیا  بەڵکو هەموو سەروەت و سامانێکی ئەو ولآتەیان مۆنۆپۆل کردووە و گەندەڵی هەموو دەستگاکانی ئیفلیج کردووە, پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت " دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە "  ئێستا دزەکان هێندە زۆر بوون گاڵتەیان بەو پەندە دێت و کاتێك باسی گەندەڵی و دزیی دەکەیت وەك ڕۆژنامەنووسێك وتبووی پێت پێدەکەنن.

ئەو پارتانەی کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن  دەزانن نانیان بە دەستی پارتی و یەکێتییە, بۆیە ناتوانن وەکو پێویست دەوری خیان ببینن, بەڵام بە دڵنیاییەوە, میللەت, ڕۆژێك نوختە بۆ ئەو گەندەڵی و ناعەدالەتییە دادەنێت, هەروەك چۆن لە فەلەستین بینیمان, میللەت هەوڵدەدات ڕێگای تر هەڵبژێرێت, چونکە دونیا

بەرەو پێش دەڕوات و قۆناغی ڕزگاربوون و ئەو دروشمانەی کە رەنگە تا چەند ساڵێکی تریش برەویان هەبێت ئیتر بەسەر دەچن, ئەگەر دەسەڵات چاکسازیی نەکات , میللەت کەنارگیریان دەکات, واتە کورت و کورمانجی ئەم قۆناغەی ئێستا کۆتایی پێ دێت و ئاڵۆگۆر بە دەسەڵات دەکرێت و ئۆپۆزسیۆن بەهێز دەبێت نمونەمان زۆرن هەم لە دونیاو هەمیش لە ناوچەکەدا.

ئەوەی کە تا ئێستا بینیومانە, حیزبی حاکم کەم جیکەڵادان بووە بەرامبەر ئەو دەنگانەی کە بۆنی ئۆپۆزسیۆنیان لێوە هاتووە, بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و گەلێك جار ناوچەچێتی و هەرێمچێتی کە خەسڵەتێکی خێڵەکیانەیەو تا ئێستاش لە کوردستان برەوی هەیەو باڵا دەست بووە بە سەر هەموو قۆناغەکانەوەی , هەموو لە بیرمانە کە لە هەشتاکاندا بۆ نموونە زۆر شەڕی خوێناوی‌و بێمانا کران کە سەدان کەسی نیشتمانپەروەر لە ناوچوون تەنها بۆ ئەوەی بتوانن لەو ناوچانە کە پاوان کرابوون لە لایەن پارتی ڕقەبەرەوە چالاکی بکەن, یاخود قۆناغی شەڕیی ناوخۆی دوای ئەوەی کورد دەسەڵاتی گرتە دەست, بۆیە ئەو کلتوورە تا ئێستاش بە تەواوەتی لە ناو نەچووە, هەر بۆیە زەحمەتە پارتی دەسەڵاتدار وا بە ئاسانی بتوانێت ڕەخنەکان قبوڵ بکات, ئەوە ترسی لە دەستدانی دەسەڵاتە, کە وای کردووە بە تایبەتی پارتی و یەکێتی پەیمان ببەستن کە لە کوردستان بە یەك لیست دابەزن و بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکیش ئەو هاوپەیمانێتییە بۆ بۆیاخی نیشتمانپەروەری و ترسی دەرەکی و شتی لەو بابەتە ڕەنگ دەکەن, دیارە بە دڵنیاییەوە هاوپەیمانێتییەکی وا چەند فرسەخێك ئۆپۆزسیۆن دووردەخاتەوەو لە سەر حسابی مافە دیموکراتییەکانی تاکی کورد دەکرێت, دەنا دەکرێت پارتی و یەکێتی و هەموو پارتەکانی تر لە بەرەیەکدا لە حکوومەتی عێراقی و پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا بەشداری بکەن, بەڵام لە کوردستاندا هەریەکەو بە ڕەنگ و دەنگی خۆیەوە بێتە مەیدانی هەڵبژاردن, ئەوەتا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هەم لە پەرلەمانی کوردستان و هەمیش لە عێراقدا وەکو پارتێکی ئۆپۆزسیۆن خیان نیشان دەدەن و دنیاش خراپ نەبووە, پاشان دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دیموکرا تی , مانای ئەوە نییە کە ئەو پارتە ئۆپۆزسیۆنەی دێتە سەر کار بە کەیفی خۆی لێخوڕێت, چونکە ئەوە کارو کردەوەکانیانە کەوا لە میللەت دەکات دەنگیان بۆ بدەنەوە یان نا,

هەروەها زۆر ئاساییە کە پارتی و یەکێتی لە قۆناغێکی تردا دیسان گەل دەنگیان پێ بدات و دەسەلات بگرنەوە دەست, ئەوەش هەر تەنها پەیوەندی بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە نییە بەڵکو هۆشیاری گەلیش زۆر گرنکە.

نموونەمان زۆرە بۆ ئەو دەسەڵاتانەی کە پروپاگەندە بە دژی ئۆپۆزسیۆن دەکەن و بە پیاوی بیانی و گێرەشێوین و شتی لەو بابەتە ناوزەدیان دەکەن, لە زۆر وڵاتی ئەفریقا شتی وا بووەو هەیە, تەنانەت لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بانگەشەی شتی وا دەکرێت, بۆیە هیچ جێگای سەرسوڕمان نابێت, کە دەسەڵاتی کوردیش لاسایی ئەوانە بکاتەوە و تەنانەت هێزیش بەکار بهێنێت, بەڵام دەبێت پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیش لەبەر چاو بگرین, ئاخر دەسەلات ناتوانێت هەتا هەتایە زەبرو زەنگ بەکار بهێنێت,

وەك بینیمان لە كاتی سووتاندنی مۆنۆمێنتەكەی هەڵەبجە و تەقەكردن لە خۆپیشاندەران, لە ماوەی چەند كاتژمێرێكدا هەموو دونیا پێیزانی یان مەسەلەی دكتۆر كەمال سەید قادر, بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە كە ئۆپۆزسیۆن بكەوێتە پڕوپاگەندەی نابەجێ و هەڵبەستنی بوختان بۆ هاتنە سەركاری خۆیان, بە ڕای من تەنها پارتێك كە بتوانێت دەوری ئۆپۆزسیۆن ببینێت ئەو پارتەیە كە حساب بۆ هەموو چین و توێژەكانی كورد بكات و لە نێو خۆیدا كۆیان بكاتەوە بە چەپ و ڕاست و ئیسلامی و عیلمانییەوە, واتە پارتێكی نیشتمانی بە بەرنامەیەكی ئابووری تۆكمەوە.

هەروەها بەرێز " هیوا گوڵ محمەدی " ئەندامی دەستەی بەڕێوبەرانی كوردستان پۆست, هیواخوازە كە چیتر دەسەڵات تاپۆ نەبێت لەسەر هیچ لایەنێك و پێی وایە نابێت ئیتر دەسەڵات بە ئەقڵێتی شاخ و پارتیزان بیر بكاتەوە " بۆ ئەوەی كۆمەڵگایەك پێش بكەوێت, دیموكراسی وەك میكانیزمی گۆڕانكاریەكان ئەساس و پێویستە و بۆ ئەوەش دیموكراسی سەقامگیر بێت, خۆپەروەردەكردن و گوێ گرتن بناغەیە.

بەداخەوە لە باشوری كوردستان دەسەڵاتداران بە ئەقڵی شاخ لە كێشەكان ئەڕوانن و لەوە تێ ناگەن كە ئەوان ئێستا وەك سیستەم كار ئەكەن و ئیتر پارتیزان و شەڕكەر نین.

كۆمەڵگای ئێمە كۆمەڵگایەكی ساغ و بێ كێشە نیە, بەڵكو كۆمەڵگایەكی زەلیل , ترساو , نەزان, هەژارو بێ دەرەتانەو تاكەكانی كۆمەڵگا نەخۆش و دڵپڕن.

بۆ ئەوەی ئەم كۆمەڵگایە بگۆڕدرێ و بۆ ئەوەی بە لێك حاڵی بوون كێشەكان چارەسەر بكرێن, دەسەڵات وەهۆش بێتەوەو لە واقیع تێ بگات, پێویستمان بە میكانیزم و پرۆسەیەكی دوورو درێژو بە قیمەت هەیە و ئەوەش ڕەنگە دەسەڵات و بەرژەوەندی دەیان كەس و لایەن بخاتە مەترسیەوە, كەوا بوو ئێمە دوای ئازادی و خەبات دژواریەكانمان دەس پێ دەكات,گروپی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمە دیموكرات و وڵاتە پێشكەوتوەكان دا زامنی دیموكراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و پێشگری دیكتاتۆریەو هاوكات هەوڵی ئەوە ئەدات بگاتە دەسەڵاتیشە هاوكاری دەسەڵاتیشە بۆ پێشكەوتن و خزمەتگوزاری.

كاتێ تۆنی بلەیر سەرەك وەزیرانی ئێستای ئینگلیز بۆ جاری دووهەم هەڵبژێردرایەوە, یەكەم قسەی ئەوە بوو كە " هیچ خۆشحاڵ نیم كەوا ئۆپۆزسیۆنێكی لاوازم هەیە", ئەمە خۆی لە خۆی دا ئەوە نیشان ئەدات كە تۆنی بلەیر پێش ئەوەی بیر لە دەسەڵاتی خۆی و پارتەكەی بكاتەوە, بەرژەوەندی گشتی گەل و بناغە دیموكراتییەكانی مەبەستە.

ساڵی 2002 هەڵبژاردنی پەرلەمانی كرا لە سوید و سوسیال دیموكراتەكان بۆ جاری سێهەم پایەی دەسەڵاتیان كەوتە دەست , یەكێك لە ئەندامانی سەرۆكایەتی پارتی سۆسیال دیموكراتی سویدی وتی " جێگای داخە كە پارتەكەی من سێ جار لەسەر یەك دەسەڵاتی كەوتە دەست و ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی كەوا تێ بگەن ئۆپۆزسیۆنیان نیەو توشی هەڵەو كەم و كوڕی ئەبن و ئەو بەڵێنانە بەجێ ناهێنن كە داویانە.

ئەوە دوو نمونەی سادەو سكارە لە كێشەی ئۆپۆزسیۆن و خەباتی پەرلەمانی, بەڵام داخۆ ئەمە لە لای ئێمە

ناسراوە ؟ لە کاتێکدا بەر لەوە هەڵبژاردن بکرێ , دەسەڵات و پەرلەمان دابەش ئەکرێ و سەنگەرەکانی شەڕ مەحکەم ئەکرێن  کە ئەگەر دەسەڵاتیان پێ نەدرێ ئەوا شەڕ ئەکەن, لە لای ئێمە ئەوەی دەسەڵاتی کەوتە دەست ناتوانێ وازی لێ بێنێ , لە کاتێکدا دەبێ سیستەمێك دامەزرێ کە بە گۆڕینی پارتێك یان ئیتلافێکی دەسەڵاتدار کۆمەڵگا هەست بە هێمنی و ئاسایش بکات و پارتی بە دەسەڵات گەیشتوو خزمەتی گەل بکات و پرۆژە باشەکانی حکومەتی پێشو تەواو بکات و حیزبی لە دەسەڵات کەوتوش ببێتە ئۆپۆزسیۆن و لە چەوتیەکانی  حکومەتی نوێ کەڵك وەربگرێ بۆ گەیشتنەوە بە دەسەڵات, بەڵام هەموو کاتێ گەل و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوە ئەساس بیچت , بەداخەوە لە باشوری کوردستان دوای 14 ساڵ هێشتا هەموو شتەکان حیزبین و بەرپرسی حیزبەکانیش گوێ لە داخوازو ویست و پێداویستیەکانی گەل نادەن و گەندەڵی ئیداری و دەسلاتداری لەو پەڕی خۆی دایە .

بۆ من گرنگ نیە کامە حیزب لەسەر حکومە , ئیسلامییە, کۆمەنیستە, سوسیال دیموکراتە, چەپە, ڕاستە یان هەر ئیدولۆژیەکی دیکەی هەیە, بەڵکو ئەوەی گرنگی پێ ئەدەم کارو خزمەت و شێوەی بەڕێوەبەریە, کەوا بوو هێشتا زووە ئێمە باس لە ئۆپۆزسیۆن بکەین لە ناوچەیەکدا کە هێشتا ئەقلێیتی بنەماڵەو حیزب و ناوچە حاکمەو دیموکراسی بە دیعایەش باسی لێوە ناکرێ .